# Knowledge Press نۆڵج پرێس

بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری مانگانەیە سەرۆکایەتی زانکۆی نۆڵج دەریدەکات

ساڵی یەکەم، بەرگی (١)، ژمارە (٤)، کانوونی یەکەم ٢٠٢٤ https://www.knu.edu.iq

خاوەنی ئیمتیاز: پ.د.ئەحمەد دزەیی
سەرنوسەر: د. مەحەمەد عەزیز سەعید

## ڕۆژی جیهانی نەخۆشی شەکرە

ئیسرا ئەحمەد محەمەد
قۆناغی چوارەم\بەشی دەرمانسازی

### شەکرە چیە؟

نەخۆشیەکی درێژخایەنە کە ڕێژەی شەکری خوێن بەرزدەبێتەوە بە هۆی کەمی هۆڕمۆنی ئەنسۆلین لە پەنکریاس یان بەرگری خانەکان بۆ وەرگلرتن و ئیشی ئەنسۆلین ڕوودەدات.

نەخۆشی شەکرە دوو جۆری هەیە. شەکرەی جۆری یەکەم، لەم جۆرەدا لەش بڕێکی زۆرکەم لە ئەنسۆلین دىوستدەکات. ئەو خانانەی بەرپرسن لە دروستکردنی ئەنسۆلین لەکار دەکەون. ئەم جۆرە شەکرەیە بەگشتی بەر لەتەمەنی سی ساڵی و لە گەنجیدا هەست بەنیشانەکانی دەکرێت.

شەکرەی جۆری دووەم، لەم جۆرەدا لەش بڕێکی کەمتر لە بڕی پێویست لە ئەنسۆلین دروستدەکات، بەڵام لەش بەرهەڵستی دەکات لەوەی ئەتسۆلینەکە کاری خۆی بکات ، بۆیە زۆر جار تووشبوانی جۆری دووەمی شەکرە هەردووک ئەنسۆلین و گلوکۆزی خوێنیان بەرز دەبێت.

شەکرەی کاتی سکپڕی(دووگیانی) لەدوای هەفتەی بیست وپێنجەم پەیدادەبێت و کاتیە و دوای منداڵ بوون ئاسایی دەبێتەوە. شەکرەی سەرەتایی، ئەوەش لەهەندێ کەسدا پەیدادەبێت بەڵام ناگاتە ڕێژەی تووش بوون بە نەخۆشی شەکرە.

هۆکارەکانی ئەگەری تووشبوون بەنەخۆشی شەکرە، قەڵەوی، بۆماوەیی، بەرزە فشاری خوێن، بەرزی ڕێژەی کۆلیسترۆڵ و چەوری، بوونی کیسی هێلکەدان، دووگیانی، وەرزش نەکردن، نەخۆشیەکانی دڵ.

ئەو بڵاوکراوانە لە زانکۆی نۆلج دەردەچێ بە ئۆنلاین لەو لینکە بەردەستی خۆێنەرانە:
https://knu.edu.iq/knowledgePress

## پەیمانگای تەکنیکی و پیشەیی نۆڵج

د. سەرهەنگ قادر ئیبراهیم\سەرپەرشتیاری پەیمانگا

پەیمانگای تەکنیکی و پیشەیی نۆڵج پەیمانگایەکی دوو ساڵەی تەکنیکی و پیشەییە و کەرتی تایبەتە ئەمساڵ ٢٠٢٤ بەڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردوستان دامەزراوە. پەیمانگا دەکەوێتە سەر ڕێگای کەرکوک-هەولێر لە تەنیشت زانکۆی نۆڵج.

دیدەی پەیمانگا ببێتە دامەزراوەیەکی فێرکاری تەکنیکی و پیشەیی پێشڕەو لە پێشکەشکردنی پرۆگرام. بە کواڵێتیەکی بەرز هاوتا لەگەڵ بەرەو پێشچوونە زانستی و زانیاری و کارامەییە تەکنیکیی و پیشەییەکان لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا.

پەیامی پەیمانگای تەکنیکی و پیشەیی نۆڵج بەردەستەکردنی ڕەوشەکانی فێرکردنی تەکنیکی و پیشەیی پیشکەشکردنی .فێرکردنی پسپۆڕی کواڵیتی بەرز هەولّی گەشە پێدانی زانیاری و کارامەیی مرۆیی بدات کەوا گونجاو بێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوویانداوە لە ژینگە و کۆمەڵدا.

پەیمانگای تەکنیکی و پیشەیی نۆڵج گەلێ ئامانجی بەرز و دڵخۆشکەری هەیە، لەمانە گەیشتن بە پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان لە فێردردنی تەکنیکی و پیشەیی، ئامێزکردنەوە بۆ ئەو بەرە و پێشچوانەی ڕوویانداوە، ئامادەنکردنی کارمەندانی ناوەند، ئامادەکردنی پێگەیەکی نمونەیی، ڕێزگرتنی فێرکارییە نەریتەکان، پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە پێگە و لە بواری کاردا. بۆ ئەمساڵی خوێندن پەیمانگا شەش بەشی تەکنیکی و شازدە بەشی پیشەیی لەخۆی دەگری و بۆ ساڵانی داهاتوو پلانی زیادکرنیان داڕێژراوە. دەرچوانی پەیمانگاکەمان دەتوانن درێژە بە خوێندنیان بدەن لە زانکۆی نۆڵج بۆ وەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس هەرکەسە و بە پێی پسپۆڕی خۆی.

Knowledge press is a monthly cultural bulletin issued by the president office of Knowledge University-Erbil.
Email to: international.relations@knu.edu.iq. ناونیشان: ڕێگای کرکوک تەنیشت شووقەکانی ئاسوودە سیتی

## زنجیرەی ئاشتی جیهانی

هاله نهاد نوری
زانکۆی نۆڵج



زنجیرەی ئاشتی جیهانی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە گرینگی دەدات بە چەسپاندنی ئاشتی و بەرقەرار بوونی ئاشتەوایی لە ناو میللەتان و وڵاتانی جیهان. لەهەمان کاتدا سەرنج و بیرو ڕا لە سەرانسەری جیهان دیاری دەکات. ئەو ڕێکخراوە لە هەموو وڵاتان کەنجان دەستنیشان دەکات وەکوو باڵوێزی ئاشتی و ئاشتەوایی و بیناکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و بەرقەرار بوونی لە هەموو ناوچەکان. گرینگی دەدات بە کەمپینکردن و ڕێکخستنی بەرنامەکانی ئاشتی لە دام و دەزگاکانی پەروەردە و زانکۆ و پەیمانگاکان. وتوو وێژ و باس و لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدات لەگەڵ کاربەدەستانی ناو کۆمەڵ و دیبلۆماتداران و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان و پیاوانی ئایینی و ڕێکخراوە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا.

چالاکی داهاتووی ئەو ڕێکخراوە لە کۆتایی مانگی یەکی ٢٠٢٥ لە شاری ئۆکسفۆرد ی بەریتانیا ئەنجامدەدرێت و پێنج ڕۆژ دەخایەنێ . لەهەرێمی کوردستان و عێراق تەنها من پالێوراوم بەشداری ئەو چالاکیانە دەکەم .

## زانستی پزیشکی ددان

هەنار جبار، سۆما نهرۆ، سۆما سەردار
قۆناغی دووەم\بەشی پزیشکی ددان

پزیشکی ددان زانستێکە بۆ چارەسەرکردنی ددان و دووبارە گەڕاندنەوەی زەردەخەنە بۆ سەر لێوی چارەخوازەکانمان . کار دەکات لەسەر گەڕاندنەوەی تەندروستی دەم و ددان. لە کۆندا ئامێری پێویست بەردەست نەبووە بەڵام ئێستاکە ئامێر و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو بەر دەستە کە دەتوانین بە باشترین شێوە چارەسەری ددان بکەین. کۆمەڵگا هۆشیار بۆتەوە و گرنگی دەدەن بە ددان شووشتن و چارەسەرکردنی و ڕاستکردنەوەیان. جیاوازیەکی زۆر دەبینرێ لە نێوان ساڵانی پێشوو و ئێستا پەیوەست بە گرینگی تەندروستی ددان.

بانگەواز: داوا لە گشت مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان دەکەین بابەتی بڵاوکردنەوەیان بنێرن بۆمان بۆ ئەو ئیمێڵەی خوارەوە. بەمەرجێک لە ١٥ دێڕ زیاتر نەبێ و وێنەیەکی خۆتی لە گەڵ دابنێ.

## ئاسایشی دادوەری

د.انور عمر قادر
سەرۆکی بەشی یاسا لە زانکۆی نۆلج

ئاسایشی دادوەری بە واتا دڵنیایی دان لە پرۆسەی دادوەری کە بە پێی ڕیکارە یاساییەکان دەڕوات و ڕەچاوی کاتی کۆتایی هێنان بە دۆسیەکان وجۆرێتی کارەکان دەکرێت و دادوەر بە دادپەروەرانە یاسا جێبەجێ دەکات. ئاسایشی دادوەری ڕێگای ڕاستە بۆ سەقامگیری یاسایی لە سەرتاپای وڵات، و پایەیەکی بنەڕەتییە بۆ چەسپاندن و بنیاتنانی دەوڵەتی یاسا.
ئاسایشی دادوەری لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی یاسا بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا و متمانەی تاکەکانی کۆمەڵگا بە دەسەڵاتی دادوەری وەک پارێزەری مافەکانیان بوونی هەیە. بۆیە تا زیاتر دەسەڵاتی دادوەری گۆڕەپانێک بێت بۆ دادپەروەری و بەدیهێنانی مافەکان زیاتر دەتوانین بڵێین ئاسایشی دادوەری بوونی هەیە.
یەکێك لە پێوەرەکان و بەپێی یاسای عێراقی، دادوەری تاوانکاری ئازادە لەڕێگەی ئەو بەڵگانەی لەبەردەمیدا خراوەتەڕوو، بڕیار بدات، بەمەرجێک پابەند بێت بە بێلایەنی لە ناکۆکی نێوان لایەنەکانی دۆسیەکە و بڕیارەکەی دروست بیت لەچاوی لایەنە نەیارەکان و کۆمەڵگا. حوکمی دادوەر دەبێت لەسەر بنەمای دڵنیایی بێت نەک تەنها لەسەر سەنگکردن و پێشبینیکردن، کە ئەم حالەتە بە دۆخی گومان دادەنرێت و لە بەرژەوەندیی تۆمەتبار لێکدەدرێتەوە بە پێی پرەنسیپی "گومان لە بەرژەوەندی تۆمەتبار لێکدەدرێتەوە.".
لە بنەماکانی ئاسایشی دادوەری، پابەندبوونی دەسەڵاتی دادوەرییە بەو کاتانەی یاسا دیاریی کردووە بۆ چارەسەرکردنی دۆسیە لە دادگاکانی تاوان. ڕاددەی بەرزی سنوورەکە بۆ کەیسەکانی لێکۆڵینەوە لە دادگاکانی لێکۆڵینەوەدا دیاری کراوە مانگێکە بۆ سەرپێچییەکان، دوو مانگ بۆ کەتن و چوار مانگ بۆ تاوان. سەبارەت بە کاتی دیاریکراو بۆ کەیسەکان لە دادگاکانی کەتن نابێت لە (2) مانگ زیاتر بێت، لە دادگاکانی تاوانیش نابێت لە (3) مانگ زیاتر بیت. کەچی لە هەریمی کوردستان و عێراق ڕەچاوی ئەم بابەتە گرنگە بە وردی نەکراوە و زۆر جار زیاتر لە (6) مانگ و ساڵێك یا زیاتر دەخایەنیت.

Knowledge press is a monthly cultural bulletin issued by the president office of Knowledge University-Erbil.
Email to: international.relations@knu.edu.iq. ناونیشان: ڕێگای کرکوک تەنیشت شووقەکانی ئاسوودە سیتی